## کاتێك بەڕێوەبەری قوتا بخانە دەکەن بە سیخوڕ !!

**بەشدار عەلی**

Bashdar_net@yahoo.com

له نوسراوێکدا کە دانەیەکی لەبەردەستمدایە و ئیمزاو مۆری یەکێك لە قوتا بخانەکانی سنوری پەروەردەی خەباتی سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێری لەسەرە و ئاراستەی مامۆستایانی ئەو قوتا بخانەیە کراوە و وێنەیەکی وەکو چالاکی کاکی بەرێوەبەر ئاراستەی بەڕێوبەری پەروەردەی کردووە شایەنی قسە کرنە لەسەری, مامۆستا و بەریوەبەری قوتا بخانە کە ئیمە بە ڕەمزی زانست و رووناکی دەیناسین و لەم پیشە پیرۆزەی خۆی دایان بڕاندووە و کردونەتیانە جاسوس لەسەر مامۆستایان و قوتابیان, ئەگەر ئەو نوسراوە تەنها کاری ئەو بەڕێوبەری قوتا بخانە بوایە و ئەوانی سەرووتر ئاگاداری نەبونایە ئەوا ئێمە بە شێوەیەکی تر قسەمان لەسەری دەکرد ڕەنگ بوو هەر جێگای تێبینی ئیمەش نەبوایە, بەلاَم هەر بە پێی ئەو نوسراوی بەڕێوبەرە کە ئاراستەی پەروەردەی خەبات کراوە چەند مامۆستایەك بۆ لێکۆلینەوە بانگ کراون کە پێشتر پێچەوانەی خالەکانی نێو ئەو نوسراوە مامەڵەیان کردووە, دیارە ئەو بەڕێوبەرەش ئەو کارەی پێراسپێردراوە.

بە کورتیەکەی لەو دەستنوسە شڕەدا هاتووە کە مامۆستایان بە هیچ شێوەیەك نابێت قسە و گاڵتە و گەپ لەگەڵ یەکتر بکەن چونکە ( زانیاری ) پێگەیشتووە کە پەیوەندییەکی خۆش لە نێوان مامۆستایان و قسەکردنیان بە یەکەوە بۆتە هۆی خراپی ئاستی زانستی لە قوتا بخانەکە!! هەروەها نابێت بە هیچ شێوەیەك مامۆستایان هەڵس و کەوت و قسە لەگەڵ قوتابیەکانیان بکەن چونکە کاکی بەڕێوەبەر ( زانیاری ) پێگەیشتوە کە پەیوەندی باشی نێوان مامۆستایان و قوتابیان وایکردووە کە مامۆستایان یارمەتی قوتابیەکانیان بدەن!!

نازانم ئەوە مامۆستایی سەردەمی ئازادی و مافی مرۆڤ و دیموکراسییە, یان ئەفسەری پۆلیسی سەردەمی بەعس؟؟!

بێ هۆنیە مامۆستی زانکۆ لاپ تۆپ و لیتۆن لە یەکتر جیا ناکەنەوە, بێ هۆ نیە کە دەرچووی کۆلیژ ناوی سیانی خۆی غیری کوردی نازانێ بنوسێ, بێ هۆ نیە ساڵ لە دوایی ساڵ ڕێژەی دەرچوون لە کوردستاندا لە نزم بوونەوەیە, بێ هۆ نیە ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری قوتانیان لە نێو کەشتیەك دایە و بە دەستی بەرپرسانی پەروەردەی کوردستان نقومی ژێر زەریا بووە!, بێ هۆنیە دەیان نەخۆشی دەروونی دووچاری قوتابیان و خوێنکارانی کوردستان هاتووە هەر لەترس و دڵە ڕاوکێی بێ متمانەی و بێ هیوایی و تا دەگات بە بێ ئومێدی و بێ ئوقرەیی, کە لە ئە نجامدا چەندان کچ و کوڕ بە شێوازی جۆراو جۆر کۆتایی بە ژیانی خۆیان دەهێنن.

سەربارى ئەوەى كە دارزيوترين سيستەمى پەروەردە لە قۆناخەكانى خوێندن بەڕێوە دەچێت ,لەگەڵ ئەوەش بەرپرسانى پەروەردە بە عەقليەتێكى دۆگماوە مامەڵـە لەگـەڵ كائينـەكانى نێـو پرۆسـەكە دەكـەن, بۆيـە نەوەيەكى كۆيلە و يەخسير و بێ قسە و بێ بيركردنەوە و بێ بەرهەم بۆتە نسيبى ئەو كۆمەڵگايە.

لەبەر ئەوەى هەر لە مناڵيەوە دەمكوتكردنەوە و سـەركوتى دەروونـى جەسـتەى بـەهۆى سيسـتەمەكانى نێـو كۆمەڵگاوە بەشێك بووە لە پەوەردەكردنى تاكەكان,بۆيە نەوەيەكە بێ بيركردنەوە و بێ بەرهـەم و كۆيلـە و يەخسيرى لێ دەردەچێت وەكو ئيستا لە كوردستاندا دەيبينين.

تۆ سەيركە رۆژانە هەزار و يەك نايەكسانى و ناعەدالەتى و ناحەقى بەرامبەر تاكەكانى ئـەو كۆمەڵگايـە دەكرێت,بەلام كەسێك نوزەيەكى لێ بەرز نابێتەوە لەگەڵ ئەوەشـدا زۆربـەى هـەرە زۆرى خـەڵكى كوردسـتان لەم شێوە ژيان كردنەى نارازييە,بچوكترين داهێنان لە ژيانى رۆژانەدا بـەديناكرێت,تـاكو ئيسـتا دەمبـوز و مەسينە و لاستيك...كە ساكارترين شتن لە دەرەوە دەهێندرێتە كوردسـتان,بـێ چارەنوسـى و سـەرگەردانى و دڵنيا نەبون لە سبەينێى خۆى هزرى زۆرێك لە خـەڵكى داگـير كـردووە ,بـەلام بـەلاى چارەنوسێكى رۆشـنتر ناروات.

بەلام ئەو دەسەلاتەى ئيستا پێويستى بە نەوەيـەكى لـەم جـۆرە هەيـە كـە بـۆ هـەموو كارەكانيـان سـەرى( بەڵێ)بلەقێنن و لەبەرامبەر هەموو كارە نەشياوەكانيان دەنگێكى نارەزايەتى نەبيستن, ئەگەرنا ئەو جـۆرە مامەڵە كردنە بە بيركردنەوەيەكى ئاوا داخراو بە سودى كـێ تـەواو دەبێت؟بێگومـان هـەر كـەس و لايـەنێك سودى لێ ببينێ,بەلام بـە زيـانێكى گـەرەى قوتابيـان و خوێنكـاران كۆتـايى دێـت و هـەر ئـەوانيش دەبێـت باجەكەى بدەن.

هەموو ليێكۆلينەوە زانستى و دەروونزانى و كۆمەلناسيەكان جەختيان لەسەر ئـەوە كردۆتـەوە كـە گفتوگـۆ و بيروراگۆرينەوە و نزيك بوونەوە,بنەمايەكى سەرەكى پێشكەوتن و ئـاڵووگۆر و چارەسـەركردنى كێشـەكانە.

بۆيە مامۆستايان كە هـەڵگرى پـەيامى روونـاكى و زانسـتن و لێـك تێگەيشـتنن, نابێت نوێنەرايـەتى ئـەو پەيامـە تاريكيـە بكـەن كـە دەيانـەوێت دەنگـەكان هـەر نەبيسـترێن,كێشـەكان هـەر بـە هەڵواسـراوى بمێننەوە,زانست و زانيارى هەر بلاو نەبێتەوە و تاكەكان هەر كۆيلە و يەخسـير و قسـە نەكـەر بـن.چـونكە مانەوە بەم شێوەيە بە سودى ئـەوان تـەواو دەبێـت بۆيـە پيويسـتە گـۆڕان و گۆرانكـارى بكەينـە سـەرخەتى كارەكانمـان, رەتكردنـەوەى كـارێكى لـەم شـێوە و جێبەجێنـەكردنى دەبێتـە سـەرەتايەكى بـاش بـۆ كـارى گەورەتر و رابردوويەكى رۆشن و بەرهەمێكى باشتر.